DGP-WG/06-WP/50
Appendix B

## پاشكۆ له سهر ( كهلوپهلی مهترسیدار)

١- ههندێک کهلوپهل ههیه لهلایهن ڕێنماییه تهکنیکییهکانی (ڕێکخراوی نێودهوڵهتی فڕۆکهوانی شارستانی **ICAO**بۆ (گواستنهوهی سهلامهتی کهلوپهلی مهترسیدار)له ڕێگای ئاسمانییهوه وهک "کهلوپهلی مهترسیدار" پۆلێنکراون.

ڕێنماییه تهکنیکییهکان زیاتر له ٣٠٠٠ کهلوپهلی مهترسیدار دهخاته ڕوو، بێجگه له ژمارهیهکی کهم له کهلوپهلی ڕێگهپێدراو ، نابێت کهلوپهله مهترسیدارهکان لهلایهن گهشتیاران یان له جانتای دهستی یان جانتای ههڵگرتندا ههڵبگیرێن.

٢- ههرچهنده ئهرکی سهرهکی ئهو کارمهندانهی ئاسایش که ئهرکی پشکنین له فڕۆکهخانه ئهنجام دهدهن، دۆزینهوهی کهلوپهلی مهترسیدار و ڕێگهپێنهدراوه بهڵام ڕۆڵیان ههیه له سهلامهتی فڕۆکهوانیدا به دۆزینهوهی کهلوپهلی مهترسیدار(ڕێگهپێنهدراو) له کابینهی گهشتیاران یا خود له ناو جانتاکانیان(جانتای دهستی و جانتای ههڵگرتن)

٣ .نموونهی کهلوپهلی مهترسیدار بهم شێوهیهی خوارهوهیه :

تهقهمهنیهکان : نارنجۆک، یاری ئاگرین، سووتێنهرهکان.

گازهکان: پرۆپان، بوتان .

شلهی سووتێنهر :- بهنزین، مێتانۆل

مادده ڕهقه سووتێنهرهکان و مادده کارتێکهرهکان: مهگنیسیۆم ، بتڵی ئاگرکوژێنهوه

ئۆکسێنهرهکان /پهرۆکسایدی ئۆرگانیکی سپیکهرهوه، کیتی چاککردنهوهی جهستهی ئۆتۆمبێل

مادده ژههراویهکان/تووشکهرهکان ژههری مشک، خوێنی ئالووده.

ماددهی تیشکدهر ئایزۆتۆپی دهرمانی یان بازرگانی

ماده کیمیاویهکان: جیوه، پاتری ئۆتۆمبێل

پێکهاته جۆراوجۆرهکانی سیستهمی سووتهمهنی ئۆتۆمبێل که سووتهمهنییان تێدایه

١- کهلوپهلی مهترسیدار که لهلایهن گهشتیارهکان یان تیمی فڕۆکهوانییهوه ههڵدهگیرێن.

٢-ڕێنماییه تهکنیکییهکانی ڕێکخراوی نێودهوڵهتی فڕۆکهوانی شارستانی **ICAO 8;1.1.1**

٣- بێجگه لهوهی که به پێچهوانهوه له [ بهشی ٨ی ڕێکخراوی نێودهوڵهتی فڕۆکهوانی شارستانی **[ICAO TI]** دا هاتووه که کهلوپهله مهترسیدارهکان نابێت لهلایهن گهشتیاران یان ئهندامانی تیمی فڕۆکهوانی ههڵبگیرێن، چ وهک جانتای ههڵگرتن یان جانتای پشکنراو یان له لای خودی کهسهکه بێت. ئامێری جۆری ئهمنی وهکو کهیسی هاوپێچ، سندوقی پاره، کیسی پاره و ...هتد که کهلوپهلی مهترسیدار لهخۆدهگرێت، بۆ نموونه پاتری لیتیۆم یان کهلوپهلی ئاگرکوژێنهوه، به تهواوی ڕێگهپێنهدراوه( قهدهغهیه) **"...**وهرگیراو له چاپی ٢٠٠١-٢٠٠٢ی ڕێنماییه تهکنیکییهکانی ڕێکخراوی نێودهوڵهتی فڕۆکهوانی شارستانی **(ICAO).**

٤- لیستی کهلوپهلی مهترسیداری قهدهغهکراو که لهوانهیه لهلایهن گهشتیاران ههڵبگیرێن، له ژێر ههندێک مهرجدا، له

هاوپێچی **A**ی ئەم پاشکۆیەدا ئاماژەیان پێکراوە و نووسراون. ئەمە تەنها وەک ڕێنماییەک بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی لە جانتای سەرنشین یان تیمی فڕۆکەوانیدا چ کەلوپەلێک ڕێگەپێدراوە و چ شتێک قەدەغەیە. ئەو کالاّ مەترسیدارانەی لە لیستەکەدا نەهاتوون و ڕانەگەیندراون، قەدەغەن و نابێت بگوازرێتەوە ناو فڕۆکە.

## دۆزینەوەی کەلوپەلی مەترسیدار کە ڕانەگەیەندراوە

٥- کاتێک سکرینەر شتێک دەدۆزێتەوە کە پێدەچێت کەلوپەلێکی مەترسیدارە و ڕێگەپێدراو نییە(قەدەغەیە) بۆ گواستنەوە لەلایەن گەشتیاران بەڵام پێشتر ڕانەگەیەندراوە، دەبێت ئەمە ئاگاداری ستافی چاودێری بکرێت. (قوڵی ڕاهێنانی سکرینکەرەکان دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ بەرپرسیارێتی ستافەکە.) ئەگەر گومانەکان مانەوە یان پشتڕاستکرایەوە کە بابەتەکە ڕێگەپێدراو نییە(قەدەغەیە) ، پێویستە بەڕێوەبەرەکە ئاگادار بکرێتەوە بۆ کاری پێویست، هەروەها نابێت ڕێگە بدرێت شتەکەلە فڕۆکەکە بار بکرێت). سەرەڕای ئەوە، ڕێنماییە تەکنیکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فڕۆکەوانی شارستانی **ICAO**داوا دەکات کە کاتێک کەلوپەلی مەترسیدار کە ڕێگەپێدراو نییە(قەدەغەیە) و لە جانتای گەشتیارێکدا دۆزرایەوە، بەڕێوەبەری فڕۆکەکە دەبێت بەزانیاری ورد و دروست لایەنی پەیوەندیدار لەم شوێنە ئاگادار بکرێتەوە.

## ناسینەوەی کەلوپەلی مەترسیدار

**٦- دوو ئامرازی سەرەکی هەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دەستنیشانکردن و هەبوونی کەلوپەلی مەترسیدار:**

دەستنیشانکردن و دانانی هێمایەک لە سەر پاکەتەکە وەک ناوی گونجاوی گواستنەوە، ژمارەی پۆڵینکردنی بابەتەکە یان ژمارەدانان یان ژمارەیەکی جیاوازی چوار ژمارەیی نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ نموونە (بەنزین، پۆڵینی ژمارە ٣ لە نەتەوە یەکگرتووەکان) **.(UN 1203)**

- ئەو لیبێڵانە بە شێوەیەک دیزاین کراون کە لەگەڵ پۆلینکردنی کەلوپەلە مەترسیدارەکاندا بگونجێت) .بڕوانە هاوپێچی(**B**)

## هەڵگرتن و کۆگاکردنی هەندێک کەلوپەلی مەترسیدار

٧- بڕگەیەک هەیە بۆ گواستنەوەی هەندێک کەلوپەلی مەترسیدار دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی سەبارەت بە مامەڵەکردن و بەرکەوتنی(جەستەیی) فیزیکی و هێمادانان و دەستنیشانکردنی وردی بابەتەکە . بۆ نموونە بڕگەیەک هەیە بۆ پاترییەکان کە لەوانەیە مادەی مەترسیداری تێدا بیت ، کە لە ویلچەر یان هەر ئامێرێک کە یارمەتیدەرە بۆ جووڵە کە لەگەڵ گەشتیارێکدایە وەرگیراون، وەک جانتای دەست بەسەرداگرتووی پشکنراو هەڵبگیرێن. پاتریەکان دەبێت بەپێی ڕێکارە دیاریکراوەکان کۆبکرێنەوە، و پاکەتەکان دەبێت لەسەریان بنووسرێت "پاتری، تەڕ، لەگەڵ کورسی گەرۆک (ویلچەر)"، یان "پاتری، تەڕ، لەگەڵ یارمەتیدەری جووڵە(ئەو ئامێرەی گەشتیار بۆ ڕۆیشتن کەلکی لێوەردەگرێت". دەبێت ئاماژەی پێبکرێت کە مەترسیدارە بۆ نموونە لە سەری بنووسرێت "ژەنگاوی" و لیبێلی ئاراستەکردنی پاکەتیان لەسەر بێت بۆ شوێنی پۆڵینی ئەم بابەتە . هیچ پاترییەکی تر بێجگە لە ئەوەی کە ئاماژەی پێکراوە لە نێو جانتای گەشتیاردا ڕێگەپێدراو نییە.

## دزەکردن یان تێکچوون(شکان)

**٨-  پێویستە هەندێک ڕێکاری  سەرەتایی هەن کە ئەنجام بدرێت لەکاتی دۆزینەوەی( دزەکردن یان زیانگەیشتن وتێکچوون(شکان)ـی کەلوپەلی گومانلێکراو کە مەترسیدارە. لەوانە:**

•دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە بەرکەوتنی؛

•جیاکردنەوەی ناوچەکە (شوێنی کەلوپەلە دەستنیشانکراوەکە) ؛

•ئامۆژگاری ستافی چاودێری بکرێت کە ئەوان لایەنی پەیوەندیدار لە(فڕۆکەخانە) ئاگادار بکەنەوە؛

•هەوڵدان بۆ دەستخستنی زانیاری و دیاریکردنی جۆری شتەکە لە گەشتیاری پەیوەندیدار؛

ئەگەر پێویست بوو، خزمەتگوزارییە فریاگوزارییەکان ئاگادار بکرێنەوە ؛

•بەڕێوەبەری فڕۆکەکە ئاگادار بکرێتەوە.

تێبینی.— ئەم ڕێسا و ڕێنماییانە لەوانەیە گۆرانکاریان بە سەر بێت بەپێی یاسا و ڕێکارە ناوخۆییەکان.

## سەرچاوەکان بۆ زانیاری زیاتر

٩-  چاپەکانی ئێستای:

• ڕێنماییە تەکنیکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فڕۆکەوانی شارستانی **ICAO** بۆ گواستنەوەی سەلامەتی کەلوپەلی مەترسیدار لە ڕێگەی فڕۆکەوە

(دۆک ٩٢٨٤)؛

• دامەزراوە(کۆمەڵە)ـی نێودەوڵەتی گواستنەوەی ئاسمانی(ڕێساکانی کەلوپەلی مەترسیدار)

## پارمەتیدان بۆ ناسینەوەی کەلوپەلی مەترسیدار

کەلوپەلی مەترسیدار لە  نێو کەلوپەلی ناوماڵدا

١٠- زۆر لە کەلوپەلە باوەکان کە ڕۆژانە لە حەمام، چێشتخانە، گەراج یان لە شوێنی کارکردن بەکاردەهێنرێن، ڕەنگە بێ زیان بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی تایبەتمەندی و پێکهاتە فیزیایی و کیمیاوییەکانیانەوە دەکرێ زۆر مەترسیدار بن کاتێک لە ڕێگەی هەواوە دەگوازرێنەوە. ستافی چێک-ئین و پشکنەرانی ئاسایش پێویستە داوای پشتڕاستکردنەوە لە گەشتیار بکەن سەبارەت بە ناوەڕۆکی هەر شتێک لەو شوێنانەی کە گومانی ئەوە هەیە کەلەوانەیە  کەلوپەلی مەترسیداری تێدابێت. ئەم کەلوپەلە  یان ماددە باوانەی خوارەوە لەوانەیە کەلوپەلی ڕێگەپێنەدراویان لە ناودابیت:

• ئامێری هەناسەدان - لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ بوتڵی  هەوای پاڵەپەستۆکراو یان ئۆکسجین، ئامێری ئۆکسجینی کیمیایی یان ئۆکسجینی ساردکراوی شل.

• ئامێری کەمپ کردن(گەشتوگوزاری)  - لەوانەیە گازی سووتێنەر (بوتان، پرۆپان و هتد)، شلەی سووتێنەر (نەفتی سپی، بەنزین و هتد)، یان مادده ڕەقە سووتێنەرەکان (هێکسامین، کبریت و هتد) لەخۆبگرێت.

• مادده کیمیاییەکان - لەوانەیە ئەو شتانە تێدا بێت کە دچنە چوارچێوەی ڕێساکانی کەلوپەلی مەترسیدار، بەتایبەتی شلەی سووتێنەر، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەر، پەرۆکسیدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان کیمیاویەکان.

• میوەو سەوزە بەستووەکان — لەوانەیە لەناو سەهۆڵی وشکدا (دووانە ئۆکسیدی کاربۆنی ڕەق)لە ناو پاکەت یان قوتو دانرابێت.

• کەلوپەلی ناوماڵ — لەوانەیە ئەو شتانەی تێدابێت کە هەریەک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیدار دەیانگرێتەوە بۆ نموونە شلە سووتێنەرەکان لە ناو بۆیە (سبوغ) ، چەسپ، پۆلیشەکان ، سپرا جۆراوجۆرەکان، سپیکەرەوەکان ، پاککەرەوەی فڕن یان پاککەرەوەی ئاوەرۆ ، تەقەمەنی، کبریت و هتد.

• جانتای گەشتیار — لەوانەیە ئەو شتانەی تێدابێت کە هەریەک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیدار دەیانگرێتەوە . بۆ نموونە  یارییە ئاگرینەکان، شلەی سووتێنەری ناوماڵ، پاککەرەوەی فڕن یان ئاوەڕۆ،  بوتڵی گاز یان پشکنراو شلەی سووتێنەر یان بوتلی گاز(گازی پیکنیک)، کبریت، تەقەمەنی، سپیکەرەوە، سپرا جۆراوجۆرەکان  و هتد.

• ساردکەرەوە - لەوانەیە گازی شل یان گیراوەی ئامۆنیا لەخۆبگرێت

• مادده کیمیاییەکانی مەلەوانگە - لەوانەیە مادەی ئۆکسێنەر یان ماددەی کیمیاوی تێدا بیت.

• ئامێر و سندوقی کەلوپەل

• پارچەی ئۆتۆمبێل (ئۆتۆمبێل، ماتۆڕ، ماتۆڕسکیل) — لەوانەیە بزوێنەر، کاربراتۆری بزوێنەر یان تانکی سووتەمەنی کە سووتەمەنی (بەنزین )  تێدا بیت .پاتری ، گازی پالەپەستوو لە ناو  تایە و ئاگرکوژێنەوەی ئۆتۆمبێڵ ، کیسی هەوا و هتد.

• بوتلی گاز - لەوانەیە گازی پاڵەپەستۆکراو یان شلکراوی تێدابێت.

• ئامێرەکانی غەواس(رووبارەوانی) – لەوانەیە بتڵی غازی پاڵەپەستۆکراو (بۆ نموونە هەوا یان ئۆکسجین)ی تێدابێت. هەروەها لەوانەیە گلوپی غەواسی بە چڕی بەرزی تێدابێت کە دەتوانێت گەرمییەکی زۆر دروست بکات کاتێک لە هەوادا کاردەکات. بۆ ئەوەی بە سەلامەتی هەڵبگیرێت، پێویستە گڵۆپەکە یان پاتریەکە لێی جیا بکرێتەوە(لێبکرێتەوە ) .

• ئامێری کونکردن و کۆڵین — لەوانەیە تەقەمەنی و/یان کەلوپەلی مەترسیداری تری تێدابێت.

• ئامێری کارەبایی — لەوانەیە مادەی موگناتیسی ، جیوە لە ناوەڕۆکی سویچ، بۆری ئەلکترۆنی یان پاتری تەڕ لەخۆبگرێت.

• ئامێری  کارەباییەکان (ویلچەر، چەمبڕ(ئامێری بڕینی گژو گیا(فریز)، عەرەبانەی گۆڵف و هتد) — لەوانەیە پاتری تەڕیان تێدابێت.

• ئامێری گەشتکردن - لەوانەیە تەقەمەنی (ئاگر)، شلەی سووتێنەر (بەنزین)، غازی سووتێنەر (بوتڵی گازی گەشتکردن (پینکیک) یان کەلوپەلی مەترسیداری تری تێدا بیت.

• تیمی فلیم  و ئامێری میدیاکاری - لەوانەیە ئامێری ئاگرکوژێنەوەو و تەقینەوە، مۆلیدەی تێدابێت کە بزوێنەر و ناوەرۆکی سووتەمەنی، پاتری تەڕ، بەنزین ، کەلوپەلی گەرمکەرەوە  و هتد لەخۆبگرێت.

• باڵۆنی هەوای گەرم — لەوانەیە بوتڵی تێدابێت کە غازی سووتێنەر، ئاگرکوژێنەوە، بزوێنەر،مادەی  سووتێنەر، پاتری و هتد لە ناو ئەو کەلوپەلە دابێت.

- ئامێرە زانستییەکان — لەوانەیە بارۆمەتر، مانۆمێتری، ئەو سویچانەی جیوەیان تێدایە ، بۆری گەینەری ڕاستکەرەوە، گەرمی پێو و هتد ، کە هەموو ئەوانە جیوەیان تێدایە.
- بەشە جیاجیاکانی ئامێری جۆراوجۆر— لەوانەیە بریتی بن لە چەسپی سووتێنەر، بۆیاخ، جۆرەکانی چەسبی سیلیکۆن و توێنەر، پاتری تەڕ و لیتیۆم، جیوە، بوتڵی غازی پاڵەپەستۆکراو یان شل و هتد.
- پێداویستیەکانی وێنەگرتن — لەوانەیە ئەو شتانە لەخۆبگرن کە هەریەکێک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیداریان تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی گەرمی، شلەی سووتێنەر، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەر، پەرۆکسایدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان کیمیاویەکان.
- ئامێرەکانی تیمی ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ یان ماتۆڕسکیل — لەوانەیە بزوێنەر، کاربۆراتۆر یان تانکی سووتەمەنی تێدابێت کە سووتەمەنی یان پاشماوەی سووتەمەنی، پاتری تەڕ،بوتڵی غازی، نایترۆمیتان یان وەرگیراوەکانی بەنزین(بەرهەمەکانی بەنزین)،بوتڵی غازی پاڵەپەستۆکراوەکان و هتد.
- کیتی چاککردنەوە — لەوانەیە پەرۆکسایدی ئۆرگانیک و چەسپ، سبوغ ، ڕزین(ماددەیەکی ئۆرگانیکی چەسپاو کەلە هەندێک دار و ڕووەکی ترەوە (بەتایبەتی دارە ڕەش و سنەوبەر) دەردەچێت) و هتد لەخۆبگرێت.
- سویچی ناو ئامێرە کارەباییەکان یان ئامێرە کارەباییەکان — لەوانەیە جیوەیان تێدابێت.
- سندوقی ئامێرەکان - لەوانەیە تەقەمەنی (کەلوپەلی کارەبایی)، گازی پاڵەپەستۆکراو یان سپرا جۆراوجۆرەکان، گازی سووتێنەر (بتڵی گاز(بۆتان))، چەسپی سووتێنەر یان بۆیاخ، شلەی کیمیاوی دژە ژەنگ و هتد لەخۆبگرێت.

پێداویستی پزیشکی و بابەتی فریاگوزاری سەرەتایی

- شلە بەستووەکان — ئاماژەیە بۆ گازە شلەکانی ساردکەرەوە وەک ئارگۆن، هیلیۆم، نیۆن یان نایترۆجین.
- ئامێرەکانی پزیشکی ددان - لەوانەیە ڕزین یان توێنەرەوەی سووتێنەر، گازی پاڵەپەستۆکراو یان شل، جیوە و مادەی تیشکدەر لەخۆبگرێت.
- نمونەی مادە تاقیگەیەکان - لەوانەیە مادده کیمیایی تێدابێت.

مادە تاقیگەییەکانی منداڵبوون - لەوانەیە لەناو گازی شلەی ساردکەرەوە یان سەهۆڵی وشکدا کۆبکرێتەوە.

ئامێری تاقیگەیی /تاقیکردنەوە –- لەوانەیە ئەو شتانە لەخۆبگرێت کە هەریەکێک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیداری تێدا بەدی بکرێت ، بەتایبەتی شلەی سووتێنەر، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەرەکان، پەرۆکسیدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان مادە کیمیاویەکان.

- پێداویستییە پزیشکییەکان — لەوانەیە ئەو شتانە لەخۆبگرن کە هەریەکێک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیداریان تێدایە،

بە تایبەتی شلە سووتێنەرەکان، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەرەکان، پەرۆکسایدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان کیمیاویەکان.

دەرمانسازی - لەوانەیە ئەو شتانە لەخۆبگرێت کە هەریەکێک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیدار بەدی دەکەن، بەتایبەتی مادده تیشکدەرەکان، شلەی سووتێنەر، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەرەکان، پەرۆکسایدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان کیمیاویەکان.

نمونەکان بۆ تاقیکردنەوە - لەوانەیە ئەو شتانە لەخۆبگرن کە هەریەکێک لە پێوەرەکانی کەلوپەلی مەترسیدار بەدی دەکەن، بەتایبەتی مادده تووشبووەکان، شلەی سووتێنەر، مادده ڕەقە سووتێنەرەکان، ئۆکسێنەرەکان، پەرۆکسایدی ئۆرگانیک، مادده ژەهراویەکان یان مادە کیمیاویەکان.

نمونەی مادە تاقیگەییەکان - لەوانەیە بە سەهۆڵی وشک یان گازی شلەی ساردکەرەوە پڕ بکرێت.

ڤاکسینەکان - لەوانەیە لەناو سەهۆڵی وشکدا (دووانە ئۆکسیدی کاربۆنی ڕەق) هەڵبگیرێت.


---


## هاوپێچی A لە پاشکۆی کەلوپەلی مەترسیدار


هێزی مەی بە بەڵگە دەپێورێت کە دوو هێندەی ڕێژەی کحول لە ڕووی قەبارەوەیە. بۆ نموونە ڤۆدکای ٨٠ پرۆف ٤٠% ئەلکحول لەخۆدەگرێت. ویسکی 100 سەلمێنەر 50% کحولی تێدایە. ڕومی 150-پڕۆف 75% ئەلکحول لەخۆدەگرێت.


## هاوپێچی A لە پاشکۆی کەلوپەلی مەترسیدار


| دەقی ڕێکخراوەیی(ڕێنمایی تەکنیکی فڕۆکەوانی شارستانی) | ڕێگە پێنەدراو(قەدەغە) | ڕێگە پێدراو | بابەت |
|---|---|---|---|
| "کاتێک لە پاکێجەکانی تاکەکەسیدا، خواردنەوە کحولیەکان کە زیاتر لە (٢٤٪) بەڵام کەمتر لە (٧٠٪) کحولیان تێدایە بۆ هەر قەبارەیەک، لە دەفرەکاندا کە لە **٥** لیتر زیاتر نەبێت،بە گشتی بۆ هەر کەسێک **٥** لیتر بۆ ئەو جۆرە خواردنەوانە؛"<br>تێبینی. - ئەو خواردنەوە کحولیانەی کە لە سەدا **٢٤**ی کحولیان تێدایە بەپێی قەبارە هیچ سنووردارکردنێکیان نییە.<br><br> | ئەو خواردنەوە کحولیانەی کە زیاتر لە( ٧٠٪ )واتا تاکو (١٤٠ % ڕۆم ) ڕێژەی کحولیان تێدایە، لەوانە...<br>**٩٥٪** کحول و **١٥٠٪** ڕومی سەلماندن.<br> | تا **٥** لیتر خواردنەوە کحولیەکان کە ڕێژەی کحولی زیاتر لە...<br>(٢٤٪) بەڵام کەمترە لە(٧٠٪) لە بوتلی تاکەکەسیدا.<br><br> | خواردنەوە کحولیەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاماژەی بەوەکردووە، “کەلوپەلی دەرمانی یان تەوالێت کە تیشکدەر نییە (لەوانەش سپرا جۆراوجۆرەکان). هەروەها سپرا جۆراوجۆرەکان لە بەشی ٢.٢، بەبێ هیچ مەترسییەک، بۆ بەکارهێنانی وەرزشی و ماڵەوە تەنها لە جانتای پشکنراودا. کۆی گشتی بڕی پاکی هەموو ئەو جۆرە ماددانە کە هەر کەسێک هەڵیگرتووە نابێت لە ٢ کیلۆگرام یان ٢ لیتر زیاتر بێت و بڕی پاکی هەر تاکە مادەیەک نابێت زیاتر بێت(٠.٥)کیلۆگرام یان (٠.٥)لیتر.<br>زاراوەی "کەلوپەلی نادەرمانی یان تەوالێت (لەوانەش بڕی پاکی سپرا جۆراوجۆرەکان)" مەبەست لێی ئەوەیە کە شتێک کە سپرای قژ، بۆن، کۆڵۆن و دەرمانی کحولی تێدایە؛" | هەموو نموونەکانی تر، لەوانەش مادەی دوورخستنەوەی(دەرمانی مێروو) (سپراجۆراوجۆرەکان)، کۆندیشنەری چەرم (سپرا جۆراوجۆرەکان)، سپرای سبوغ و سپرای بیبەر.<br> | زۆرترین( ٥٠٠ مل) بۆ هەر دەفرێک، بۆ نموونە کحولی ڕشتن، ٣% هایدرۆجین پەرۆکساید، سۆلارکاین، بۆن، کۆڵۆن، سپرای قژ، کرێمی ڕیش تاشین، موسی قژ و هتد.<br> | کەلوپەلی دەرمانی یان تەوالێت کە تیشکدەر نییە، لەوانەش سپرا جۆراوجۆرەکان. |

| بابەت | ڕێگە پێدراو | ڕێگە پێنەدراو(قەدەغە) | دەقی ڕێکخراوەیی(ڕێنمایی تەکنیکی فڕۆکەوانی شارستانی) |
|---|---|---|---|
| بوتلی ئۆکسجین | بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری شوێنەکە ئۆکسجینی بچووکی گازی یان بوتڵی هەوا بۆ بەکارهێنانی پزیشکی. | هەموو نموونەکانی تر، لەوانەش ئامێری ئۆکسجینی کیمیایی، ئۆکسجینی شل و بوتڵی غەواسی(دەریاوانی). | "بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری شوێنەکە) ، ئۆکسجینی گازی بچووک یان بوتلی هەوا کە پێویستن بۆ بەکارهێنانی پزیشکی؛" |
| دووەم ئۆکسیدی کاربۆن — بوتڵ بۆ ئەندامە میکانیکییەکان | بوتڵی بچووکی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و بوتڵی یەدەگ بە قەبارەی هاوشێوە کە لە کاتی گەشتکردندا پێویستە بۆ کارکردنی ئەندامی میکانیکی. | هەموو نموونەکانی تر مەگەر لەم خشتەیەدا ڕێگەدراو نەبێت. | "بوتڵی بچووکی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە بۆ کارپێکردنی ئەندامە میکانیکییەکان لەبەر دەکرێن، هەروەها بوتلی یەدەگ بە قەبارەی هاوشێوە ئەگەر پێویست بوو بۆ دڵنیابوون لە ماوەی گەشتەکە؛" |
| دووەم ئۆکسیدی کاربۆن— بوتڵ بۆ چاکەتی ڕزگارکردن . | بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری هێڵی ئاسمانی (فڕۆکە)، کاتێک لەناو چاکەتێکی ڕزگار کردن دانراوە، بوتڵی بچووکی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان گازی دیکەی بەشی ٢.٢، و لە دوو یەدەگ زیاتر نەبێت. | هەموو نموونەکانی تر مەگەر لەم خشتەیەدا ڕێگەپێدراو نەبێت. | "بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری شوێنەکە) ، لە دوو بوتڵی بچووکی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاتر نەبێت لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان گازی گونجاوی تر لە بەشی 2.2 بۆ هەر کەسێک کە لەناو چاکەتێکی ڕزگار کردن دانراوە بۆ مەبەستی هەڵاوسان، زیاتر نەبێت لە دوو یەدەگ. |
| کارتێژی | بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی، کارتێژی ٥ کیلۆگرام (زۆرترین کێشی گشتی) بۆ هەر کەسێک بۆ مەبەستی وەرزشی، تەنها لە جانتای پشکنراو.  | هەموو نموونەکانی تر، لەوانەش هەر تەقەمەنییەکی تر، کارتێژی، کەلوپەلی ئاگر کردنەوە ، ئامێری سیگناڵ و یارییە ئاگرینەکان .  | "بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری شوێنەکە) ، تەنها وەک جانتای پشکنراو، کارتێژی سندوقی پارێزراو بۆ مەبەستی وەرزشی، لە بەشی S1.4، بە بڕێک کە لە 5 کیلۆگرام بارستایی گشتی بۆ هەر کەسێک زیاتر نەبێت بۆ بەکارهێنانی خۆدی ئەو کەسە، بە مەرجێک تەقەمەنی یان (مادەی کیمیایی) سووتێنەری تێدا نەبێت.<br><br>نابێت کەلوپەلی زیاتر لە کەسێک دابنرێت لە ناو یەک پاکێج یان چەند پاکێجێک؛" |
| سەهۆڵی ووشک | زۆرتر لە ٢ کیلۆگرام بۆ هەر کەسێک سەهۆڵی وشک کە بۆ پاکەتکردنی و ڕێگەگرتن لە تێکچوون وپاراستنی مادەیەک لەناو جانتای دەستیدا یان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گەشتەکە لە جانتای پشکنراو دادەنرێت. | هەموو نموونەکانی تر. | "سەهۆڵی وشک بە بڕیک کە لە ٢ کیلۆگرام زیاتر نەبێت بۆ هەر کەسێک، کاتێک بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستن و ڕێگەگرتن لە تێکچوونی مادەکان کە پابەند نین بەم ڕێنماییانە، بە مەرجێک پاکەتەکە ڕێگە بە دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بدات: لە جانتای دەستیدا و یان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری شوێنەکە(گەشتەکە))،لە جانتای پشکنراو؛" |
| کبریتی سەلامەت یان چەخماخ | کبریتی سەلامەت(شخارتە) یان چەخماخ کە شلەکەی لە ماددەیەکی مژەردا لەناو چەخماخەکەدا هەیە، لە لای خودی کەسەکە هەبیت . | لە هەر شوێنێک (کبریت) شخارتە یان چەخماخەکان بە سووتەمەنی شلەی نەمژراو و ناوەڕۆکی سووک. | "کبریتی سەلامەت یان چەخماخێک کە مەبەست لێی بەکارهێنانە لەلایەن تاکێکەوە کاتێک لەلای کەسەکە هەڵدەگیرێت. بەڵام ئەو چەخماخانەی کە سووتەمەنی شلەی نەمژراویان تێدایە (جگە لە غازی شل)، سووتەمەنی سووک و مادەی سووکی تێدابێت کە ئەوانە ڕێگەپێدراو نین . |


| بابەت | ڕێگە پێدراو | ڕێگە پێنەدراو(قەدەغە) | دەقی ڕێکخراوەیی(ڕێنمایی تەکنیکی فڕۆکەوانی شارستانی) |
|---|---|---|---|
| |  |  | یان لە جانتای پشکنین یان هەڵگیراودا؛" <br> تێبینی.— یاریکردن بە کبریت(شخارتە)لە هەر شوێنێک قەدەغەیە بۆ گواستنەوەی ئاسمانی. |
| ئامێری دڵی ئایزۆتۆپی ڕادیۆیی تیشکی ئایزۆتۆپی یان ئامێر و دەرمانی تیشکی ترلەخۆدەگرێت کە لەناو جەستەدا هەن . | ئامێری پەیسمەیکەر (یان ئامێری پێوانی لێدانی دڵ) و هاوشێوەکانی لەوانە ئەوانەی کە بە پاتری لیتیۆم کاردەکەن، و دەرمانی تیشکی کە لەناو جەستەدا هەن. | هەموو نموونەکانی تر. | دڵی ئایزۆتۆپی ڕادیۆیی یان ئامێرەکانی تر ، ئەوانەی کە بە پاتری لیتیۆم کاردەکەن، کە دەچێنرێن لە ناو جەستەی کەسێک، یان دەرمانی ڕادیۆیی کە لەناو جەستەی کەسێکدا هەن لە ئەنجامی چارەسەری پزیشکیدا؛" |
| کورسی ویلچەر و یارمەتیدەرەکانی تری جوڵەی بەهێز. | بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری پەیوەندیداری گەشت ویلچەر یان یارمەتیدەرەکانی تری جووڵەی بەهێز کە بە پاتری ڕژاو و نەڕژاو بەستراونەتەوە. <br><br>  | | "ت) بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری پەیوەندیداری شوێنەکە ویلچەر یان یارمەتیدەرەکانی تری جووڵە کە بە پاتری کاردەکەن لەگەڵ پاتری نەڕژاو (بڕوانە ڕێنمایی پاککردنەوە ٨٠٦ و بڕگەی تایبەتی(**A67** ، وەک جانتای پشکنراو بە مەرجێک تێرمیناڵەکانی پاتری لە شۆرت سیرکت پارێزراو بن و پاترییەکە بە شێوەیەکی پارێزراو بە ویلچەر یان یارمەتیدەری جووڵە بەسترابێتەوە. <br><br> ی) بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری پەیوەندیداری شوێنەکە ویلچەر یان یارمەتیدەرەکانی تری جوڵە کە بە پاتری کاردەکەن لەگەڵ پاتری ڕژاو وەک جانتای پشکنین، بە مەرجێک کە ویلچەر یان یارمەتیدەری جووڵە بتوانرێت هەمیشە لە دۆخێکی ڕاستدا باربکرێت، هەڵبگیرێت، پارێزراو بێت و دابەزێنرێت و پاتریەکە پچڕاوە، تێرمیناڵەکانی پاتری لە شۆرت سیرکت پارێزراون و پاتریەکە بە شێوەیەکی پارێزراو بەستراوەتەوە <br><br> کورسی ویلچەر یان یارمەتیدەری جووڵە. ئەگەر نەتوانرێت ویلچەر یان یارمەتیدەری جووڵە هەمیشە لە دۆخێکی ڕاستدا باربکرێت، هەڵبگیرێت، پارێزراو بێت و دابەزێنرێت، دەبێت پاترییەکە دەربهێنرێت و دواتر دەتوانرێت ویلچەرەکە یان یارمەتیدەری جووڵە وەک جانتای پشکنینکراو هەڵبگیرێت بەبێ سنووردارکردن. پاتری لابراو دەبێت لەناو پاکەتێکی بەهێز و ڕەقدا هەڵبگیرێت بەم شێوەیەی خوارەوە: <br><br> ئەم پاکەتانە دەبێت دزە نەکەن، لە تێکچوون بپارێزرێن بە بەستنەوە بە پالێتەکان یان |

| Item | Allowed | Forbidden | Regulatory Text (ICAO TI's Part 8) |
|---|---|---|---|
| | | | بە بەستنەوەیان لە ژوورەکانی بارهەڵگردا بە بەکارهێنانی ئامرازی گونجاوی بەستنەوە (جگە لە بە پەیوەستکردن بە بارهەڵگر یان...<br><br>جانتا) وەک بە بەکارهێنانی تەوقەی خۆگرتن، براکێت یان هەڵگر؛<br><br>پاترییەکان دەبێت لە شۆرت سیرکت بپارێزرێن، لەم پاکەتانەدا بە شێوەیەکی ڕاست بەسترابنەوە و بە مادەی مژەری گونجاو دەورە بدرێن کە بەس بێت بۆ هەڵمژینی کۆی ناوەڕۆکی شلەکانیان؛<br><br>و ئەم پاکەتانە دەب ێت بە 'پاتری، تەڕ، لەگەڵ کورسی گەڕۆک' یان 'پاتری، تەڕ، لەگەڵ یارمەتیدەری جووڵە' بنووسرێن و بە ناوی 'ژەنگاوی' (شێوەی 5-21) و بە ناوی ئاراستەکردنی پاکەت (شێوەی 5-25 ).<br><br>فڕۆکەوانی فەرماندەیی دەبێت لە شوێنی ویلچەر یان یارمەتیدەری جووڵە کە پاترییەکی دانراوە یان شوێنی پاترییەکی پاککراوە ئاگادار بکرێتەوە.<br><br>پێشنیار دەکرێت کە گەشتیارەکان پێشوەختە ڕێککەوتن لەگەڵ هەر بەڕێوەبەرێک بکەن؛ هەروەها مەگەر پاترییەکان نەڕژێن، پێویستە، لە شوێنێک کە بتوانرێت، لەگەڵ سەرپۆشی "هەواگۆڕکێی بەرگری ڕژان دابنرێن؛ |
| لوولەی قژ | یەک قژ لووڵ کە بە غاز کاردەکات بۆ هەر کەسێک کە کاپەکەی سەلامەتی لەسەر بێت.<br> | پڕکردنەوە.<br>.<br> | ئەو قژ لوولەی کە گازی هایدرۆکاربۆنی تێدایە، لە یەک زیاتر بۆ هەر کەسێک، ئەوە دابین دەکات<br><br>کەڤەری سەلامەتی بە شێوەیەکی پارێزراو لەسەر توخمە گەرمکەرەوەکە دانراوە. نابێت پڕکردنەوەی غاز بۆ ئەم جۆرە کۆرلەرە هەڵبگیرێت؛" |
| بارۆمێتری جیوە یان گەرمیپێوەر | بە ڕەزامەندی کۆمپانیای فڕۆکەوانی و بە بەرپرسیارێتی نوێنەری فەرمانگەیەکی کەشوهەوای حکومی یان دەزگایەکی هاوشێوە. | هەموو نموونەکانی تر. | بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەر(ەکان)، وەک تەنها جانتای هەڵگرتن، بارۆمەتری جیوە یان گەرمیپێوەرێکی جیوە کە لەلایەن... نوێنەری نووسینگەی کەشوهەوای حکومی یان دەزگای فەرمی هاوشێوە. بارۆمەتر یان گەرمیپێوەرەکە دەبێت |

| Item | Allowed | Forbidden | Regulatory Text (ICAO TI's Part 8) |
|---|---|---|---|
| |  | | لەناو پاکەتێکی دەرەوەی بەهێزدا کۆبکرێتەوە، کە لاینەری ناوەوەی مۆرکراوی هەبێت یان کیسەیەک لە مادەی بەهێزی دژە دزەکردن و کونکردن کە جیوە نەتوانێت، ئەمەش ڕێگری دەکات لە دەرچوونی جیوە لە پاکەتەکە بەبێ گوێدانە شوێنی. دەبێت فرۆکەوانی فەرماندەیی "لە بارۆمەتر یان گەرمیپێوەر ئاگادار بکرێتەوە؛ |
| بابەتی بەرهەمهێنەری گەرمی | ە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری هەوا، ئامێرە کارپێکراوەکانی پاتری (واتە مەشخەڵی ژێر ئاو، ئامێری لێهەڵمژینی) کاتێک پێکهاتەی بەرهەمهێنەری گەرمی یان سەرچاوەی وزە (پاتری) لادەبرێت.  | هەموو نموونەکانی تر. | "بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەر(ەکان)، ڕەنگە کەلوپەلی بەرهەمهێنەری گەرمی (واتە ئامێری کارپێکراوی پاتری وەک مەشخەڵی ژێر ئاو و ئامێری لێهەڵمژینی کە ئەگەر بە هەڵە چالاک بکرێت، گەرمییەکی زۆر دروست دەکات و دەتوانێت ببێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە) لەوانەیە لەناو جانتای دەستیدا هەڵبگیرێت تەنها. پێکهاتەی بەرهەمهێنەری گەرمی، یان سەرچاوەی وزە، دەبێت لاببرێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە کارکردنی بێ مەبەست لە کاتی گواستنەوەدا بکرێت؛" |
| گەرمیپێوی پزیشکی یان کلینیکی | ەک گەرمیپێوی پزیشکی یان کلینیکی جیوە لە حاڵەتێکی پارێزەردا بۆ هەر کەسێک]. | هەموو نموونەکانی تر. | "یەک گەرمیپێوی بچووکی پزیشکی یان کلینیکی کە جیوە لەخۆدەگرێت، بۆ بەکارهێنانی کەسی، کاتێک لە حاڵەتی پارێزەرەکەیدایە". |


# Attachment B to Appendix on DANGEROUS GOODS

Class 1 — Explosives




1.1 — Mass explosion hazard.
1.2 — Projection hazard, no mass explosion hazard.
1.3 — Fire hazard with either a minor blast hazard, minor projection hazard or both, no mass explosion hazard.
1.4 — Small hazard, explosion effects confined to package.
1.5 — Mass explosion hazard, very insensitive.
1.6 — Extremely insensitive article, no mass explosion hazard.

Class 2 — Gases




2.1 — Flammable gases.
2.2 — Non-flammable, non-toxic gases.
2.3 — Toxic gases.

Class 3 — Flammable liquids




Closed-cup flash point of not greater than 60.5°C.

Class 4 — Flammable solids, substances liable to spontaneous combustion; substances that on contact with water emit flammable gases (water reactive substances)








4.1 — Flammable solids.
4.2 — Substances liable to spontaneous combustion.
4.3 — Substances which on contact with water emit flammable gases.

Class 5 — Oxidizing substances and organic peroxides






5.1 — Substance not necessarily combustible, but may generally, by yielding oxygen, cause or contribute to combustion of other material.
5.2 — Thermally unstable substances which may undergo exothermic, self-accelerating decomposition. May also have one or more of the following properties: liable to explosive decomposition; burn rapidly; sensitive to impact or friction; react dangerously with other substances; may cause damage to the eyes.


Class 6 — Toxic and infectious substances






6.1 — Toxic through inhalation, absorption or ingestion.
6.2 — Substances containing viable micro-organisms, infectious or reasonably believed to be infectious to humans or animals.

Class 7 — Radioactive materials





Any material with a specific activity greater than 70 kBg/kg.

Class 8 — Corrosives



A substance that causes visible necrosis of skin or corrodes steel or non-clad aluminium.

Class 9 — Miscellaneous Dangerous Goods





Miscellaneous Dangerous Goods; a substance or product presenting dangers sufficient to warrant regulation in transport but which cannot be ascribed to any other class.


HANDLING LABELS




Cargo only aircraft



Package orientation




Magnetized material

— END —